# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

**شاری ئۆکسفۆرد:**

## خۆپیشادانی پەنابەران لە بەردەم فرۆکەخانەی سەربازی بەریتانیا

دۆینێ 12–2 کاتژمێر 7 سەرلە بەیانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بەپشتیوانی کەمپین بۆ داخستنی گرتووخانەی دەست بەسەری کامسفیلد خۆپیشاندانی یان بردە بەردەم فرۆکەخانەی (برایزن نۆرتن)لەشاری ئۆکسفۆرد ئەو شۆێنەی سەربازانی بەریتانیای تیا دەگۆیزریتەوە بۆ عیراق و پەنابەرانی کوردی تیا دیپۆرت دەکرێتەوە.

خۆپیشاندەران بەدرۆشمی( ناردنەوەی پەنابەرانی کورد راگرن،دەست لەپەنابەرانی کورد هەڵگرن، زیندانی یەکان ئازاد بکەن،ماف پەنابەری ماف ئینسانە)..)وە هەروەها دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بە نا بۆ ریکەوتنی حکومەتی هەریم وحکومەتی بەریتانیا نا بۆ سیاسەتی دژی ئینسانی توونی بلیر بەیەك دەنگ دەووتەوە.

لەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەران لەشاری لیستەرو لەندەن وبریستۆل وە بەشداریان کرد.

پاشان (ئارام حمەسەعید)بەرپرسی فیدراسیۆن لەشاری لیستەر و (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆن لەووتەیەکدا ویرای نارەزایەتی توونديان بەرامبەر بەسیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان ،ناوەرۆکی رێکەوتنەکانی نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی بەریتانیایان ئیدانەکرد کە بەژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کوردەوە گیراوەتە بەر.

لەم خۆپیشاندانەدا دەزگاکانی راگەیاندن ناوخۆ لەشاری ئۆکسفۆرد وچەند ژورنالیستی فەرەنسی وبەریتانی ورادیوی بی بی سی ورۆژنامەی (ئندپێندنت) ورادیوی نەوالەکوردستانەوە بە(دەشتی جەمال،ئارام حمەسەعید) چاوپیکەوتنیان کرد.

بەدوای تەواوی کردنی خۆپیشاندانەکە کاتژمێر 10 سەرلەبەیانی 3 پاس کە پەنابەرانی تیا بوو لەگەل 5 سەیارەی پۆلیس لەپێش و دواوەوە وەك ئەوەی ئەسیری جەنگیان پیێ بێت هینایە نیو ئەم فرۆکەخانەیەوە.

بەپیێ زانیاریەکان لەهەولێر و گرتووخانەکانەوە کە بەفیدراسیۆن گەیشتوە کاتژمیر 2 پاشنیوەرۆ پەنابەران بەزۆر بەکەلەپچەو و فرۆکەی سەربازی رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر کرانەوە.

بەرهەمی هەوڵ زەختەکانی ئەم زنجیرە نارەزایەتیانە 7 پەنابەر لە لەژمارەی ئەو پەنابەرانەی نیرانەوە ،ناردنەوەیان رادەگیرێت بەم ناوانە(عیرفان عمر،ریبین عمر،کەیفی ئیبراهیم،ئاکۆ عەلی،محمد سەعید،فەخرەدین عەلی،ئەردەلان.






